# به گوڵباران ماڵئاوایی له  حه‌مه‌ڕه‌ش کرا



ئێواره‌ی رۆژی 31/5/ 2007 به‌ئاماده‌بوونی ژماره‌یه‌کی به‌رچاو له هاورێ ودۆسته‌کانی وکوردی تۆرۆنتۆ و، له ڕێوره‌سمێکی شایسته‌دا بۆدواجار ماڵئاوایی له ته‌رمی کاکه  محه‌مه‌د عه‌بدوڵلا بایز ناسراو به‌حه‌مه‌ڕه‌ش کرا،



هاوڕێیانی حه‌مه‌ڕه‌ش  به‌دانانی ده‌سته‌گوڵ ودوانیگادان له‌ته‌رمه‌که‌ی ڕێزیان له‌و  دۆسته له‌ده‌ستچووه‌یان گرت، پاشان هونه‌رمه‌ند سه‌لاح ره‌شید له  په‌یڤێکی کورتدا سوپاسی ئاماده‌بوونی خه‌ڵکه‌که‌ی کردو باسی له



هەندێ ئادگارو تایبەتمەندی حەمەڕەش کردو ئاماژەشی بەبەهرە هونەرییەکەی کرد ونموونەشی بەو تابلۆیانەی حەمەڕەش هێنایەوە کە دەوروبەری کاسکێتی تەرمەکەیان رازاندبووەوە، لەکۆتایی ڕێورەسمەکەدا نورەدین وەیسی وەك هاوڕێیەکی حەمەڕەش وێڕای سوپاسکردنی خەڵکەکە بۆ ئامادەبوونیان وهاوکاریکردنیان، چەند بیرەوەریەکی خۆی لەگەڵ حەمەڕەش گێڕایەوە وئاماژەی بەوەکرد کە حەمەڕەش کەسێکی زۆر بەوەفا بوو بۆ دۆست وهاوڕێکانی وخاوەن دڵێکی گەورە بوو،



جێگەی باسەحەمەڕەش گەنجێکی بەهرەدار وخوێندەواری خەڵکی شاری سلێمانی بوو ،نزیکەی چوارساڵ بوو لەشاری تۆرۆنتۆی کەنەدا نیشتەجێ ببوو، بەڵام بەداخەوە رۆژی 22/5/ 2007 لە رووداوێکی دڵتەزێندا لە

**ماڵەکەی خۆیدا کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناولەسەر خواستی بنەماڵەکەشی بڕیاردرا تەرمەکەی بنێردرێتەوەبۆ شاری سلێمانی ، بۆ ئەم مەبەستە بەسوپاسەوە کوردی تۆرۆنتۆو شارەکانی تری کەنەداو کۆمەڵێ لە دۆست و هاورێیانی  هاوکارییەکی باشیان کرد وبڕیارە لە چەند رۆژی داهاتوودا تەرمەکەی بگاتەوە کوردستان.**

**یادی حەمەڕەش هەمیشە لە دڵی دۆست وهاوڕێیەکانی بە زیندوویی دەمێنێتەوە.**